# ئەرێ لە دەربەند یخان

# کێ قائیمقامە .....؟

هێمن مەحمود/

دەربەند یخان

Hemnm١٩٧٩@yahoo.com

لەمرۆژانەدا بۆ کارێکی رۆژنامەوانی رێم کەوتە قائیمقامیەتی دەربەند یخان ، کارەکە لەلایەك ئامادەکردنی رێپۆرتاژێك بوو لەسەر چۆنێتی دابەشگردنی ئەو برە پارەیەی( ٢٠٠ ) هەزار دۆلار کە لەلایەن ( د.رۆژ) ەوە کە ئەوکات جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بوە نێردراوە بۆ دەربەند یخان بۆ خزمەتکردنی بواری رۆشنبیری شارەکە ، لەلایەکی تریشەوە وەك کەسێك کە پرۆژەیەك ( رۆژنامەی سەبا )م هەیە لەشارەکەدا و مافی رۆژنامەکەیە مادام یارمەتیەکە بۆ پرۆژەی رۆناکبیری و رۆشنبیری شارەکەیە بەشی خۆی هەبێت .

ئەمە لەوە گەرێین کە جەنابی قائیمقام هەموو پرۆژەیەکی لە جۆری رۆژنامەی رەتکردەوە و وتی من بروام بە رۆژنامە نیە و هیچ پارەیەك بۆ رۆژنامەی شارەکە سەرفناکەم بەڵکو چەند قسەیەکیشی پێ وتین و لەبری هاندان و پشتگیریکردنی رۆژنامەکانی شار کە سێ دانەیە ( دەربەند یخان ، سەبا ، دەنگی نوێ ) وەها وەسفیکردین کە رۆژنامەکا نمان شایانی هیچ نین و دەرینەکەین باشترە ، وەك ئەوەی بەرێزی چەندین بروانامەی بەرزی هەبێت لە بواری رۆژنامەگەریدا و ئێمە تازە بیناسین تا فەتوامان بۆ دەربکات دانیشین باشترە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ڕۆژنامەگەری نەکەین ، با لەوەش گەڕێین کە بەڕێزی بە سوتفەش ڕۆژنامە ناخوێنێتەوە .

من قسەم لەسەر ئەوە نیە کە بڕیاری داوە ئەو پارەیە چۆن سەرفبکات و بە دڵی( زەوقی ) خۆی چ پرۆژیەکی ڕۆشنبیری پێ باشبوو بۆی سەرف بکات وەك فەرمانبەرێکی خۆی وەهای پێ وتم ، چونکە ئەوە دەزانم کە دەبێت چاوەڕوانی هەموو شتیك بکەیت لەکاتێکدا نەخوێندەوارێك حاکمی شارێك بێت .

بەڵام کە کار گەشتە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ڕێپۆرتاژەکە بەڕێزی وەك کاری بەردەوامی فەرمانبەری ( تەحریر )ی بانگکرد و پاش ئەوەش کە بە پرسیارێك تورەبوو فەرمانبەری ( مالیە )شی بانگکرد و ئەو دوو بەڕێزە کە ئیشی ئەوان نەبوو بە ناچاری کەوتنە وەڵامدانەوە و جاروباریش نوسینەوە و حونجەکردنی قسەکانی قائیمقام .

من و هەموو خەڵکیش ئەوە دەزانین کە ئەم بەڕێزە خاوەن خەباتە و ژیانی چەند ساڵ پێش ئێستای بۆ شۆڕشی کورد تەرخانکردوە و چی کردوە و چی نەکردوە ، بەڵام ئەمە ڕێگای ئەوەم لێناگرێت کە نەڵێم چیدی ئەم بەڕێزە قائیمقامیەتی پێناکرێت و پێویستە یەکێتی و حکومەت بیگۆڕێت .

من پێم سەیرە هەموو قائیمقامەکانی گەرمیان چەند کەسێکن و ساڵانە لەم دوو سێ شارەی گەرمیاندا جێ گۆڕکێیان پێ دەکەن ،

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەك بڵێی حکومەت و یەکێتی تەنها ئەم چەند بەڕێزە شك ببەن و کەسی دیکە نەبێت .

ئایا چیدی کاتی ئەوە نەهاتوە حکومەت و یەکێتی خوێنی تازە و گەنج هاننەدەن و دەروازەکانی دەسەڵاتیان بۆ نەکەنەوە .

بەبڕوای من ئەگەر ئێمە بڕوامان بە چاکسازی و پاکسازی هەبێت دەبێت لێرەوە دەستپێبکەین : پیر و پەککەوتەکان بۆ ماڵ و گە نجەکان بۆ پێشەوە ..

بەراستی ئەوە گلەیی خەڵکە کە قائیمقامەکەی دەربەندیخان تەنها ئیمزای لەسەرە بۆ هەر پرسیارێك بڕۆیت بۆلای دەڵێت برۆ بۆلای ( ... )ی تەحریر.

بۆیە حەقیەتی بپرسین ئەرێ کێ قائیمقامی دەربەندیخانە ؟

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com